هەرێمی کوردستانی - عێراق 0001

لیژنەی باڵای ئەزموونە گشتییەکان

ئەزموونە گشتییەکانی قۆناغی ئامادەیی (وێژەیی)

SN: 30000001

بەناوی خودای گەورە

ناو: _ _ _ _ _ _ _ _ _ _ _ _ _ _ _ _

بابەت : ئابووری کات: ٣ کاتژمێر

ساڵی خوێندنی ٢٠٢٠-٢٠٢١ (خولی یەکەم)

A
7239

وەڵامی ڕاست هەڵبژێرە ( بۆ هەرپرسیارێك دوو نمرە )

١- سەرجەمی ئەو بڕە پارانەیە کە کەسەکان و یەکە ئابوورییە جۆربەجۆرەکان لەماوەی ساڵێکدا بۆ کڕینی شتومەك و کارگوزارییەکان بەکاری دەهێنن :

A- داهاتی نەتەوە بە پێی بەهای شمەکە تەواوەکان B- داهاتی نەتەوە لە ڕووی پاشەکەوتکردنەوە

C- داهاتی نەتەوە لە ڕووی خەرج کردنەوە D- داهاتی نەتەوە بە پێی پاداشتی خاوەن بنەماکانی بەرهەم هێنان

٢- شێوەیەکە لە شێوەکانی کورتهێنانی تەرازووی پارەدان:

A- فرۆشتنی بەشێك لە یەدەگی زێڕ بە دەرەوە

B- کەمی بەرهەم هێنان لە بەرووبوومێکی بنەڕەتیدا لەوانەیە ببێتە هۆی کەمی نێردراوەکان

C- فرۆشتنی پشك و قەباڵەکانی دەوڵەت بە بیانییەکان

D- کەم بوونەوەی ئاستی گشتی نرخەکان لە ناوخۆ

٣- ئادەم سمث پێی وایە کە پەرەسەندن بەشێوەیەکی کەڵەکە سەندوو دێتە دی لەمیانەی :

A- پسپۆڕ بوون وسەرمایە B- بەرهەم و سوو

C- پسپۆڕبوون و کاردابەش کردن D- بازاڕ و کرێ

٤- بەیەکێك لە ئامرازەکانی ڕامیاری بازرگانی دادەنرێت کە دەوڵەتەکان دەیگرنەبەر لە چوارچێوەی شێوازەکانی نرخدا لەوانەیە دەوڵەت بۆ پاراستنی بەرهەمە نیشتمانییەکان پشتی پێ ببەستێت :

A- کۆمەك کردن B- سیستەمی بەشکاری

C- سیستەمی مۆڵەتی هێنراو D- ڕەسمی گومرگ

٥- کاتێك پەیدا دەبێت کە بەروبوومە کشتوکاڵییەکان توشی نەخۆشی ببن بەتایبەتی ئەوانەی کە دەوڵەت لە ناردنە دەرەوەدا پشتیان پێ دەبەستێت و دەبێتە هۆی لاسەنگ بوون لە تەرازووی پارەدانەکە:

A-شڵەژانە ماوە کورتەکان B-گۆڕانکاری لە داهاتی نەختینەیی

C-گۆڕانی پەیکەر بەند D-هیچیان ڕاست نین

٦- زاراوەی ڕامیاری دارایی بەشێوەیەکی گشتی ئەوە دەگەیەنێت کە میری هەڵدەستێت بە ئەخشەدانان بۆ......... لە ئامرازە ناسراوەکانیشی (باجەکان و بوجەو قەرزە) :

A- ڕێکخستنی کاروباری بانکەکانی ناوەندی و بازرگانی B- خەرجیەکان و دابینکردنی ڕێگاکانی پارەدارکردنیان

C- دانانی یاساو ڕێسا بۆ بازرگانی دەرەکی D- نەخشەکێشان بۆ نرخەکان و دیاری کردنی

٧- زیاتر لە کەرتی کشتوکاڵی بەدیار دەکەوێت و لە ڕووی تیۆریشەوە ئەگەر ژمارەیەکی زۆری کارکەران وازیان هێنا ئەوا کاریگەری لەسەر بەرهەمهێنان نابێت:

A- بێکاری بەردەوام B- بێکاری وەرزی C- بێکاری خۆویست D- بێکاری شاراوە (ژێر پەردە)

٨- ئەو ڕێژە پارەیەی کە پێویستە بانکی بازرگانی بە پێی یاسا لە بانکی مەرکەزی هەڵیبگرێت ئەو ڕێژە پارەیەش هیچ سوودێکی ناچێتە سەر:

A-نرخی سوو B-کرداری بازاڕی کراوەی لەسەرپشت

C-ڕێژەی یەدەگی دراوی یاسایی D- ( A و C ) ڕاستن

٩- ڕێژەی باج زیاد دەکات بە پێی زیاد بوونی بنەمای باجەکە:

A- باجی هەڵکشاو B- باجی ڕێژەیی C- دەفری باج D- باجی داکشاو

١٠- مامەڵەی درێژخایەن لێشاوی ئەو سەرمایانەیە کە لە وولاتەوە دەچنە دەرەوە یان بە پێچەوانەوە ماوەکەی لە ساڵێك زیاترە :

A-وەبەرهێنانی ڕاستەوخۆ B-قەرزی درێژخایەن C- گێڕانەوەی قستەکان D- هەموو وەڵامەکان ڕاستن

١١- کارکردن بۆ خۆشگوزەرانی کۆمەڵگەو دووبارە دابەشکردنەوەی داهات بەشێوەیەکی داد پەروەرانە ئاما نجی :

A- ڕامیاری بازرگانی B- ڕامیاری دارایی C- ڕامیاری نرخ D-ڕامیاری نەختینەیی

١٢- ئەم جۆرەی هەڵاوسان لە ئابوورییە بچووک کراوەکان و تازە پێگەیشتووەکاندا دەردەکەوێت:

A- هەڵاوسانی نەختینەیی　　B- هەڵاوسانی خواست

C- هەڵاوسانی تێچوون　　D- هەڵاوسانی هێنراو

١٣- ئەو زانستەیە کە بەچڕی تاوتوێ ی گۆڕانکارییەکان سەبارەت بە باجەکان و سیاسەتی بودجەی دەوڵەت دەکات:

A- بودجەی گشتی　　B- دارایی گشتی　　C- خەرجی گشتی　　D- داهاتی گشتی

١٤- ڕادەی کەڵکی سنوورەکی کۆمەڵایەتی بۆ هەر دینارێکی خەرج کراو لەهەربوارێك لەبوارەکانی خەرجییەگشتیەکان دەبێ یەکسان بێت، بە پێی ڕێسای :

A- ڕێسای کەڵکی تێچوون　　B- ڕێسای ئابووریانە لەخەرج کردندا

C- ڕێسای کەڵکی کۆمەڵایەتی　　D- ڕێسای تەرخانکردن

١٥- ئەم دۆخە بە کەمبوونەوەی چالاکی ئابووری دەناسرێت لە زۆربەی کەرت و چالاکی و بوارە ئابووری و کۆمەڵایەتیەکاندا:

A-قۆناغی بوژانەوە　　B- قۆناغی بێ بازاڕی

C-قۆناغی وەستاوی　　D- قۆناغی برەوسەندن

١٦- لەگەڵ دەست پێکردن بە داڕشتنی پلانی ئابووری پێویست دەکات .......... دەست نیشان بکرێت کە پلانەکەی لە پێناو دادەڕێژرێت:

A- خەرجییەکان　　B- ئامانجەکە　　C- کاتەکەی　　D- داهات

١٧- ئابووری ئازاد دووچاری بارگۆڕان لەبەرهەمهێنان و نرخدا دەبێتەوەو توشی بێکاری و هەڵاوسان دەبێت بۆماوەیەکی درێژخایەن لەبەر شکست هێنانی :

A-سیستەمی کار　　B- سیستەمی خاوەنداریەتی　　C- سیستەمی بازاڕ　　D- سیستەمی دابەشکردن

١٨- (دیڤید ڕیکاردۆ) بیردۆزەکەی بەهۆی کاریگەری بارودۆخە ئابووری و ڕامیارییەکانی ئینگلتەرای سەدەی نۆزدەیەم لەسەر چەند گریمانەیەك دایڕشتووە:

A- بەربەستی گومرگی هەبێت　　B- تێچوونی گواستنەوە لە نێوانیان هەبێت

C- ئاڵوگۆڕوسەوداگەری بە پارەبێت　　D- بوونی باری کێبڕکێی تەواوەتی

١٩- بە شێوەیەکی سەرەکی بە دەسهاتی پوخت دادەنرێت و سەرچاوەیەکی گرنگن لە کرداری پێکهێنانی سەرمایەدا کە هاوبەشە لەکرداری پەرەسەندن :

A- موڵکانەو سوو　　B- موڵکانەو کرێ　　C- سوو و قازانج　　D - سوو و موچە

٢٠- بە بڕبڕەی پشتی پلان دادەنرێت و بەئاسانی جێبەجێکردنیشی هەر بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە بێ ئەوەی کۆسپ و تەگەرەی بێتە پێش:

A- ریالیزمی　　B - سەرتاپاگیری　　C- هەماهەنگی(گونجاندن)　　D- پابەندبوون

٢١- یەکێکە لەبەڵگە سەرەکیەکانی ڕامیاری بازرگانی سەربەست :

A- پاراستنی پیشەسازی نیشتیمانی لە کێبڕکێی بیانی　　B- زیادبوونی داهاتەکان لە ئە نجامی پسپۆڕبوونی نێودەوڵەتی

C- پارێزگاری کردن لەبەهای دەرەکی دراوەکە　　D- پشتگیری کردنی پلانەکانی پەرەپێدانی ئابووری

٢٢- لاسەنگی لەتەرازووی پارەدان دروست دەکات و بەرەو کورتهێنانی دەبات:

A- هەڵاوسان　　B- داکشانەوە　　C- قەرزی ناوخۆ　　D- ڕەسم

٢٣- دەبێتە هۆی دیاردەیەك کە لەزانستی ئابووری پێی دەگوترێت دیاردەی زیادبوونی خەرجییە گشتییەکان و کەمبوونەوەی پارەدارکردن لە خزمەتگوزارییە گشتییەکان وەك فێرکردن و تەندروستی:

A-دواکەوتووی ئامرازو ڕێگاکانی بەرهەمهێنان　　B- بڵاوبوونەوەی بێکاری

C- دواکەوتووی پەیکەر بەندی کۆمەڵایەتی　　D- گەشەکردنی دانیشتوان

٢٤- کام جۆر لە مامەڵە نێودەوڵەتییەکان لە حسابی سەرمایە تۆمار دەکرێت:

A- قەرز و باج　　B- قەرز و سەرمایە　　C- موڵکایەتی و قەرز　　D- موڵکایەتی و سەرمایە

٢٥- ئامانجی کۆنی باجە ،بۆ پڕکردنەوەی خەرجییە گشتییەکانی دەوڵەت کە پێویستە بۆ ڕاپەڕاندنی ئەرکەکانی :

A- ئامانجی کۆمەڵایەتی　　B- ئامانجی سیاسی

C- ئامانجی ئابووری　　D- ئامانجی دارایی

٢٦- هەندێك بارگۆڕانی ئابووری بەهۆی فراوانبوونی وەبەرهێنانەوە دروست دەبێت ئەم فراوان بوونەش دەبێتە هۆی دروست بوونی گرفتێك لەهاوسەنگی لەنێوان :

A- پاشەکەوت و خەرجی　　B- سەرمایە و کرێ　　C- پاشەکەوت و وەبەرهێنان　　D- وەبەرهێنان و خەرجی

٢٧- سیاسە تمەداران و بیرمەندانی ئەوروپا بڕوایان بە بیرۆكەی ( دەستی شاراوە ) دا لە نیوەی دووەمی سەدەی هەژدە ،سەرکەوتنی بەرچاویشی بەدەست هێنا لە گەشە پێدان و بوژانەوەی :

A- سیستەمی سەرمایەداری B- سیستەمی سوسیالیستی C- سیستەمی ئابووری تێکەڵ D- بازرگانی

٢٨- بڕێك پارەیە کە دامەزراوەکانی دەوڵەت وەری دەگرێت لە بەرامبەر خزمەتگوزاریەك کە پێشکەشی دەکات، ناکرێت بەشێوە زیندەماڵ یاخود بۆ ماوەیەك لەلای کاربکات بدرێتە دەسەلاتی دارایی:

A- باج B- دەسهاتی موڵکی دەوڵەت C- رەسم D- ( A و C ) راستن

٢٩- یەکێکە لەو ڕۆڵە سەرەکیانەی کە کەرتی کەسەکان دەیبینێت لە چالاکی بەرهەمهێناندا :

A-خستنەگەڕی بنەماکانی بەرهەمهێنان B-هەڵدەستن بە کڕین و بەکاربردنی شمەك و کارگوزارییە بەرهەمهێنراوەکان

C-بەرهەمهێنانی شمەك و کارگوزارییەکان و فرۆشتنیان D- نزم کردنەوەی ئاستی بەرهەمهێنان بۆ نزمترین ئاست

٣٠- بۆی هەیە ببێتە چاکترکردنی هەڵسوڕاندنی کارگێڕی بەرهەمی هێزی کارکەر، دەتوانێ هەمان کاریگەری یاخود زیاتریش ببینێ ئەگەر ژمارەیەکی زۆرتری ئاسایی تاکەکان بەکاربهێنرێن لەکرداری بەرهەمهێناندا :

A- کەڵەکەکردنی سەرمایە B- ڕەگەزی تەکنۆلۆژیا

C- وەبەرهێنان لە سەرمایەی مرۆڤی D- ( A و C ) ڕاستن

٣١- ئەم ڕاستکردنەوەیەی تەرازووی پارەدان تایبەتە بەسیستەمی دراوە کاغەزییەکان کە لە ماوەی ساڵانی ( ١٩٤١-١٩١٤ ) لەخۆوە دەگرێت:

A- هاوسەنگ کردن لەڕێگەی داهاتەکان B- هاوسەنگ کردن لەڕێگەی میکانیزمی نرخەکان

C- هاوسەنگ کردن لەڕێگەی دەستێوەردانی دەوڵەتەوە D- هاوسەنگ کردن لەڕێگەی نرخی دراو گۆڕینەوە

٣٢- کام لەم جۆرانەی هاوردەنی هاوبەشی ناکات لە کرداری پەرەپێدانی ئابووری زۆربەی وڵاتانی دواکەوتوو لە بواری ئابووری:

A- هاوردەنی نەختینەیی لەبازرگانی دەرەکیدا B- هاوردەنی لە پیشەسازییە سەرەکییەکاندا

C- هاوردەنی لەخزمەت گوزارییە بانکیەکاندا D- هاوردەنی لەئامێرو مەکینەی کشتوکاڵی دا

٣٣- سیستەمی ڕامیاری دەکەوێتە ژێر کاریگەری چ زانستێك :

A- زانستی یاسا B- زانستی ڕامیاری C- زانستی دارایی گشتی D- زانستی ئامار

٣٤- کاتێك سیستەمی بازاڕ ناتوانێت هەندێك لەشمەکەکان دابین بکات ئەوا دەوڵەت هەڵدەستێ بەدابینکردنی ئەم شمەکانە کە پێیان دەوترێت: A- شمەکە تایبەتەکان B- شمەکە گشتییەکان C- شمەکە ئابووریەکان D- شمەکە ئاساییەکان

٣٥- بونی یەدەگی پارەی تەرخان نەکراو بۆ هیچ بوارێك کام هۆکاری زیادبوونی خەرجی گشتییە :

A- پێشکەوتنی ڕۆڵی دەوڵەت B- هۆکارە ڕامیارییە دەرەکییەکان

C- هۆکارە ڕامیارییە ناوخۆییەکان D- هۆکارە داراییەکان

٣٦- بنەڕەتی دامەزراندنی پسپۆڕبوونی نێودەوڵەتی پاشانیش ئاڵوگۆڕ لە نێوان دەوڵەتان دەگەڕێتەوە بۆ:

A- ناچونیەکی لە توانا مرۆییەکان B- ناچونیەکی لە دەرامەتەسروشتیەکان

C- ئاو وهەوا D- هەموو وەڵامەکان ڕاستن

٣٧- لەسایەی کام سیستەمی ئابووریدا بەرنامەو کار را پەڕاندنەکان بۆ پشتگیری کردنە لەبازاڕ:

A- سیستەمی سەرمایەداری B- سیستەمی دیموکراسی C- سیستەمی سۆسیالیستی D- سیستەمی ئابووری تێکەڵاو

٣٨- جیاوازی یە لە نێوان بەهای بەرهەمی هەمووکی بۆ یەکەیەکی بەرهەمداری و بەهای پێویستیەکانی بەرهەمهێنان کە بەکارهێنراوە لە چالاکی بەرهەمهێناندا لە ماوەیەکی دیاری کراودا :

A- ئاڵوگۆڕی بازرگانی B- بەهای بەرهەمی نیمچەدروستکراوەکان

C- بەهای زێدە دانراو D- تێچوونی گواستنەوە

٣٩- دوای تەواو بوونی دەست پێکی پلانە ئابووریەکە ئیتر دەستەی ناوەندی پلان دانان پلانەکە دەخاتە بەردەم ئاستی وەزارەتەکان بەمەبەستی:

A- وەرگرتنی ڕەزامەندی B- گفتوگۆکردن و پیشاندانی تێبینیەکان بەشێوەی نووسراو

C- بەدواداچوون بۆ چۆنیەتی جێبەجێ کردنی پلانەکە D- ئامادەکردنی بۆ جێبەجێ کردن

٤٠- یەکێکە لەهۆکارەکانی بێ هێزبوونی متمانەی خەڵك بە دارایی گشتی دەوڵەت و خۆ شاردنەوە لە باج:

A- بەرزکردنەوەی داهات B- زێدە پاشەکەوت کردن C- بەرزکردنەوەی رێژەی باج D- زێدە خەرج کردن

